Kurdish

# ڕێبەریەک بۆ بایەخپێدانی سەرەکی Primary Care

## Primary Care بایەخی سەرەکی

بایەخی سەرەکی یەکەم خاڵی پەیوەندیکردنە بە بایەخی تەندروستیەوە و وەک 'دەرگای پێشەوەی' NHS کاردەکات

خزمەتگوزاریەکان لە سەنتەرەکانی تەندروستی و نۆرینگەکان و نۆرینگەکانی جڤات و نەخۆشخانەکانی دەرەوەن. ئەمانە لەخۆی دەگرێت:

- پزیشکی گشتی پزیشکی گشتی/پزیشک
- دەرمانسازەکانی جڤات دەرمانسا
- پزیشکی ددان بایەخی دەم/ددان
- پزیشکی چاو بایەخی چاو

کەسی پیشەیی دیکە و خزمەتگوزاری دیکە هەیە کاردەکەن GP کەشانبەشانی پزیشکی گشتیت

ئەم ڕێبەریە هەندێ لەو گۆڕانانە ڕووندەکاتەوە کە ڕەنگە تۆ بیبینیت و چۆنێتی دەستڕاگەشتن بەم خزمەتگوزاریانە ڕووندەکاتەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی بایەخی دروست لە شوێنی خۆیدا

## GP Receptionist کارمەندی پرسگەی پزیشکی گشتی

ڕۆڵی **کارمەندی پرسگەی پزیشکی گشتی** ئەوەیە پاڵپشتی بکات لەنەخۆشان و ڕێبەریان بکات لەناو خزمەتگوزاریەکانی بایەخی سەرەکی

کارمەندانی پرسگە یەکەم خاڵی پەیوەندین و ڕاهێنراون بۆ پاڵپشتیکردنی نەخۆشان لەڕێی ڕێنماییکردنیان

ڕەنگە نەخۆشەکان بنێرن یاخود دیاریان بکەن بۆ لای شیاوترین کەسی پیشەیی یاخود خزمەتگوزاری تاوەکو بەباشترین شێوە بگونجێت لەگەڵ تەندروستی و پێداویستیەکانی بایەخی کۆمەڵایەتیاندا

پزیشکی گشتی داوای ئەوەی کردوە کە کارمەندانی پرسگە پرسیاری گرنگ بکەن تاوەکو ئەوە دڵنیابکەنەوە کە نەخۆشەکان بایەخی دروستیان لەشوێنی خۆیدا بەدەست دەکەوێت

هەموو ئەو زانیاریانەی بەشدەکرێن بە نهێنی دەمێننەوە و بەتەنها بۆ ڕێبەریکردنی نەخۆش بەکاردێت بۆلای کەسی پیشەیی تەندروستی دروست

## Pharmacy دەرمانخانە

**دەرمانسازەکانی بایەخی سەرەکی** شانبەشانی پزیشکی گشتی کاردەکەن کە یارمەتی نەخۆشەکان دەدەن بەشێوەیەکی سەلامەت دەرمان بەکاربهێنن. تیمەکە پاڵپشتی دەکات لە نۆرینگەکان و پێداچوونەوەی دەرمانەکان و داواکانی نوسینی دەرمان.

تەکنیککارانی دەرمانخانە و کارگەرانی پاڵپشتی دەرمانخانەکان گۆڕینی دەرمانەکان دەبەن بەڕێوە لەوکاتەوەی کە نەخۆشەکە دەردەکرێت لەنەخۆشخانە و هەروەها سەرپەرشتی نامەکان بۆ ئەو نەخۆشخانە دەکەن کەلەدەرەوەی نەخۆشخانەن.

Pharmacy First Scotland
خزمەتگوزاریەکە لەلایەن دەرمانسازی جڤات Community Pharmacy دابینکراون و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و چارەسەری پێشکەش دەکەن کە ئەمانەی لەخۆگرتوە :

- قوڕگ ئێشە و کۆکە
- برینی ناو دەم و گوێ ئێشە و کرێشی سەر
- بڵقی دەوری لێو و لوو و دوومەڵی پێکان
- خراپ هەرسکردن و قەبزی و سکچوون
- هەستیاری و تای بەرز و سەرەگێژە

سەردانی دەرمانخانەی ناوچەکە بکە بۆ ئامۆژگاری یاخود بچۆ سەر ماڵپەڕی **www.nhsinform.scot**

## Community Treatment & Care چارەسەری و بایەخپێدانی جڤات

چارەسەری و بایەخی جڤات (CTAC) خزمەتگوزاری ڕێبەریکراوی درێژخایەنە لەلایەن پەرستارەوە کەبەشێوەی فەرمی وەک ژوورەکانی چارەسەری ناسراون.

شانبەشانی پزیشکی گشتی GP و تیمی CTAC کاردەکەن و بایەخی تایبەتی دابین دەکەن لە سەنتەرەکانی تەندروستی و نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت :

- بایەخ بەگوێکان
- بایەخی قەستەرە
- پەستانی خوێن و ڕێژەی گلوکۆزی ناو خوێن و نمونەی خوێن
- ترپەی دڵ و گەرمی لەش
- برین و برینی لاق و بایەخی جلوبەرگ لەبەرکردن
- لابردنی تەقەڵ و لەزگەکان
- بەڕێوەبردنی دەرمان واتە دەرزیلێدان

ئەگەر نەخۆشەکان پێویستیان بەسەردانی یەکێ لە سەنتەرەکانمان بوو لە Gourock، Greenock یاخود Port Glasgow؛ ئەوا نۆرینەگی پزیشکی گشتی ڕەوانەی Community Treatment & Care دەکات لای



**بایەخی سەرەکی دەگۆڕێت و کەسانی پیشەیی کارامە و خزمەتگوزاری و پاڵشتی دیکەی بەردەست هەیە تاوەکو بایەخی پزیشکی گشتی تەواوبکات**

**سکانی ئەو کۆدی کیو ئارە QR بکە بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گەشتی وەرچەرخانی بایەخی سەرەکی لە Inverclyde**

NHS Greater Glasgow and Clyde · Inverclyde council · Inverclyde HSCP Health and Social Care Partnership

## کارگەرانی بەستەری جڤات

**کارگەرانی بەستەری جڤات** (CLW) پاڵپشتی دەکەن لە نەخۆشەکان کە کێشەی پزیشکیان نیە کە کاردەکەنەسەر باشحاڵی گشتی جەستەیی و دەروونی.ئەمە پێی دەڵێن دیاریکردنی کۆمەڵایەتی کە ئەمانە لەخۆدەگرێت

- نیگەرانی دارایی
- نیگەرانی تەندروستی دەروونی
- چالاکی جەستەیی وەرز
- پاڵپشتی دەروونی
- بابەتەکانی خانووبەرە

کارگەرانی بەستەری جڤات هەموو کاتێک نهێنی دەپارێزن و تەواو کارامە و راهێنراون تاوەکو خزمەتگوزاری پیشەیی پێشکەش بکەن هاوشێوەی تیمی نۆرینگەی پزیشکی گشتی

وادەی لای پزیشکی گشتی پێویست نیە بۆ رەوانەکردن بۆلای تیمی کارگەری بەستەری جڤات. کارمەندانی پرسگە و پەرستار و دەرمانسازان و چارەسەرکەرانی سروشتی دەتوانن ئەم رەوانەکردنە جێبەجێ بکەن

## پێکوتەوەرگرتن

ان اتش اس سکوتلند ژمارەیەک بەرنامەی **کوتان** دابین دەکات تاوەکو دانیشتوانی ناوچەکە بپارێزێت لە نەخۆشی

کوتان چیدی لەناو نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی ناچن بەڕێوە و ئێستا لە شوێنی جیاواز دابین دەکرێن لەناویاندا نەخۆشخانەی منداڵبوون و قوتابخانە و نۆرینگەکانی جڤات و ماڵەکانی بەخێوکردن.

زانیاری تەندروستی و مەرجەکانی پێکوتەکانی سەفەرکردن و ئامۆژگاری سەبارەت بە بەتەندروست مانەوە کاتێک سەفەر دەکەیت بۆ دەرەوەی وڵات دەکرێت دەستی پێرابگەینرێت لەسەر ماڵپەڕی **www.fitfortravel.nhs.uk**

زانیاری کوتان بۆ دووگیانبوون و لەدایکبوون و منداڵی و بەرەو پێگەیشتوویبوون دەکرێت بدۆزرێنەوە لەڕێی سکانکردنی ئەم کۆدی کیوئاڕەی لای خوارەوە QR

## چارەسەری سروشتی

ئەو دۆخە تەندروستیانەی کە کاردەکەنەسەر جومگە و ئێسقان و ماسوولکەی نەخۆش پێی دەڵێن **نەخۆشی ماسولکە و پەیکەرە ئێسک** Musculoskeletal و بەزۆری دەکرێت لەلایەن خۆوە چلەوبکرێن

زانیاری و ڤیدیۆ و نامیلەکەکان کە رەنگە تۆ بەیارمەتیدەر بیانبینیتەوە دەکرێت بیاندۆزیتەوە لە

ئەگەر نەخۆشەکان پێویستیان بە پاڵپشتی زیاتربێت، **چارەسەرکەرانی سروشتی** دەتوانن ئامۆژگاری تایبەتمەند و هەڵسەنگاندن دابین بکەن تاوەکو یارمەتی نەخۆشەکان بدات لە

- باشترکردنی جوڵە و هێز
- گەڕانەوە بۆ وەرزش لەپاش برینداری
- راهێنانەوە لەپاش نەشتەرگەری

وادەکان بەردەستن بەشێوەی رووبەڕوو لەلایەن تەلەفۆن کردن یاخود بەڤیدۆیی پەیوەندی کردنەوە.

فۆرمەکانی رەوانەکردن دەکرێت بە ئۆنلاین پڕبکرێنەوە لەسەر

## تەندروستی دەروونی و باشحاڵی

پزیشکی گشتی دەکرێت رۆڵێکی هەبێت و جڵەوی **تەندروستی دەروونی و باشحاڵی** بکات

نەخۆشەکان دەتوانن دەستیان رابگات بەزۆر سەرچاوەوە لە دەستنیشانکردن و چارەسەری و جڵەوکردنی گرفتەکانی تەندروستی دەروونی. رێنمایی بۆ یارمەتیدانی خۆت ببینەوە بۆ خەوتن و دڵەراوکێ و خەمۆکی و رێزلەخۆگرتن لەماڵپەڕی **www.nhsinform.scot/mental-health**

پاڵپشتیکردنی زیاتر بەرردەستە لەرێی تەلەفۆنکردن بۆ

- 111 NHS 24 Mental Health Hub. پزیشکی راهێنراو ئامۆژگاری و پاڵپشتی پێشکەش دەکەن.
- 01475 558000 بۆ خۆرەوانەکردن بۆلای تیمی تەندروستی دەروونی Inverclyde Primary Care کە دەتوانن پاڵپشتی و هەڵسەنگاندنی تەندروستی دەروونی و چارەسەری کورتخایەن دابین بکەن بۆ کەسانی سەروو تەمەنی 18 ساڵان. پاڵپشتی لەنزیک منەوە یاخود NHS بەردەستە لەڕێی تەلەفۆنکردن بۆ خۆت بچیت بۆلایان.
- بۆ گرفتی توندی تەندروستی دەروونی تکایە تاووتوێی بکە لەگەڵ پزیشکی گشتیت بۆ رەوانەکردن بۆلای تیمی تەندروستی دەروونی جڤات.

## پەرستاری پێشکەوتوو

**پەرستارە پێشکەوتووەکانی جڤات** (ANPs) خزمەتگوزاری تایبەتمەند پێشکەش دەکەن بەهاوبەشی لەگەڵ پزیشکە گشتیەکان

پەرستاری ئاستبەرزی زۆر کارامەن کە کارامەیی (ANPs) نۆرینگەیی پێشکەوتوویان هەیە کە رێگەیان پێدەدات تاوەکو

- مێژووی تەندروستی تەواو وەرگرن
- هەڵسەنگاندنی جەستەیی و پشکنین بکەن
- دەستنیشانی نەخۆشی بکەن و چارەسەری دابنێن
- دەرمان بنووسن
- پلان دانێن بۆ هەر چارەسەرێکی دوایی
- نەخۆشەکان رەوانەی لای لێکۆڵینەوە بکەن

پەرستارانی پێشکەوتوو ئەو بایەخەی بەردەستە بۆ نەخۆش بەهێزی دەکەن و دەکرێت لەزۆر شوێن ببینرێن لەناویاندا ماڵی بەخێوکردن و نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی و سەردانیکردن بۆ ماڵان لەڕێی رەوانەکردن لەلایەن پزیشکی گشتیەوە

## پزیشکی گشتی

**پزیشکی گشتیەکان** (GPs) چارەسەری بارودۆخی تەندروستی باو دەکەن و رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بایەخدان بە نەخۆشەکانی ناو جڤات.

نۆرینگەی پزیشکی گشتی بەشێوەیەکی نەریتی یەکەم خاڵی پەیوەندیکردنە بۆ نەخۆشەکان کەدەستیان رابگات بە بایەخی سەرەکی.

زنجیرەیەکی بەرفراوانی خزمەتگوزاری و کەسی پیشەیی کارامە و بەئەزموون هەیە کە کاردەکەن شانبەشانی نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی تاوەکو بایەخی پزیشکی گشتی تەواوبکەن.

کارمەندانی پرسگەی پزیشکی گشتی هەندێ پرسیاری گرنگ دەکەن کاتێک نەخۆشەکان پەیوەندی دەکەن بە نۆرینگەی پزیشکی گشتیەوە. ئەمە بۆ ئەوەیە کە دڵنیابکەنەوە کە نەخۆشەکان نێردراون بۆ لای بایەخی دروست لە شوێنی خۆیدا.

ئامۆژگاری گشتی سەبارەت بە کێشەی بچووک دەتوانرێت دەستی پێرابگەیەنرێت لەسەر ماڵپەڕی **www.nhsinform.scot**